# پێویستیی مافی سیاسی و نیهادی

لە بەشەکانی پێشوودا باسی وەپێش کەوتنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤمان کردو ئیشارەمان بەو ئیدیعایە کرد کە گوایا ئەو بۆشایی‌یەی لە مافە بەرِەسمی ناسراوەکانی کەمایەتی‌یەکان دا هەیە دەتوانێ بەمافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی پڕ بکرێتەوە. ئێمە دەتوانین ئەو وتەیە بکەینە رەهەند بۆ چوونە نێو بەشی ئەمجارەی باسەکەمان. ئەم بەشە بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە پێش ئەوەی بچینە سەر باسی پێشنیاری مافە سیاسی‌و نیهادی‌یەکانی کەمایەتی لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا، کۆمەڵە تێبینی‌یەکی پێویست فۆرمولە بکەین.

مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمایەتی‌یەکان پێوەندیی زۆر گەرم و قووڵیان پێکەوە هەیە. لەڕاستی‌دا زۆربەی ئەو وەختانەی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەربلاو و هەمەلایەنەو سیستماتیك پێشێل کراون، لەپشت ئەو واقیعە تاڵەدا سەرکوت و چەوسانەوەو تەبعیزی کەمایەتی‌یەك خۆی شاردۆتەوە. هەربۆیەش بەرِەسمی ناسینی مافی بەکۆمەڵ بۆ کەمایەتی‌یەکان بەگژ مافە تاکەکەسی‌یەکانی مرۆڤ دا ناچێتەوەو نایان خاتە مەترسی‌یەوە، چونکە هەر لەنێو مافەکانی مرۆڤ دا زۆر مافی تاکەکەسی وەك ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی سینفی و سەندیکایی، ئازادیی کۆبوونەوەو خۆپێشاندان و. . . هەن کە بە شێوەی بەکۆمەڵ بەجێ دەگەیەنرێن.

وەبەرچاوگرتنی راستەقینەی مافەکانی مرۆڤ ـ کە یەکێك لە ئاکامەکانی بەرابەریی هاووڵاتی‌یانە ـ دەتوانێ بەلەنێوبردنی تەبعیز، بەشێك لە ویستەکانی کەمایەتی‌یەکان یان ویستەکانی بەشێك لە کەمایەتی‌یەکان وەدی بێنێ (چونکە لە زۆر وڵات کەمایەتی‌یەکان ئامانجی سیاسیی تایبەتی‌یان نیەو تەنیا داوا دەکەن وەك هاونیشتمانی پلەدوو رەفتاریان لەگەڵ نەکرێ). بەڵام بۆ پاراستن و گەشەپێدانی "هویت"ی کەمایەتی‌یەکان تەنیا نەهێشتنی جیاوازی دانان (عدم تبعیض) بەس نیە. بەڵکوو پێویستە هەلومەرجی لەبارو چوارچێوەیەکی روون و دیاریکراوی نیهادی بۆ هەڵدان و پەرەگرتنی ئەو "هویت"ە پێك بێ‌و لەو پێناوەدا کۆمەڵە هەنگاوێکی موسبەت بهاوێژرێ. ئەو پێویستی‌یە هەر لە ساڵی ١٩٣٥ەوە لە لایەن دیوانی هەمیشەیی عەداڵەتی نێونەتەوەیی‌یەوە پێی لەسەر داگیراوە کە لەبارەی قوتابخانەی کەمایەتی‌یەکان لە ئاڵبانی‌یەوە گوتبووی:"تەنیا (عدم تبعیض) و پێشگیری لە ئاسیمیلاسیۆن [تواندنەوە] بەس نیەو بەرابەری‌یەکی راستەقینە داوا دەکا کە (تبعیض مثبت) ـ واتە جیاوازی دانان بە قازانجی کەمایەتییش لەنەزەر بگیرێ". دادگایستراسبۆرگیش زۆر جار ئەو پێویستی‌یەی وەبیر دەوڵەتان هێناوەتەوە.

مافی مرۆڤ و دێمۆکراسییش زۆر بە یەکتری‌یەوە گرێ دراون. ئەگەر جیاوازی دانەنان (عدم تبعیض) بە دەستەبەرێکی مافی مرۆڤ بزانین، ئەوە لە وڵاتێکی دێموکراتیك دایە کە "عدم تبعیض" باشتر وەبەرچاو دەگیرێ‌و مافە سیاسی‌و مەدەنی‌یە بەکۆمەڵەکان دەرفەتی وەدیهاتنی راستەقینەیان دەبێ.

کەشی دێموکراسی‌یەکی واقیعی کە یەك بان ودوو هەوای تێدا نەبێ دەتوانێ بۆ کەمایەتی‌یەکانیش زۆر سوودبەخش بێ و زۆرجار دیتوومانە کە کەمایەتی‌یەك تەنانەت دان بە مەوجوودییەتیشی دانەنراوە، توانیویەتی بە کەڵك وەرگرتن لە مافەکانی هاووڵاتیەتی (حقوق شهروندی) بەشێوەی‌جۆراوجۆر مەسەلەکەی بباتە پێش. کۆمیتەی دیفاع لە کەمایەتی‌یەکان لە ساڵی ١٩٩٨دا رایگەیاند کە "بوونی کەمایەتی لە وڵاتێك دا واقیعییەتێکی مێژوویی‌یە کە دەوڵەتێکی دێموکراتیك نەك هەر تەحەمولی دەکا، بەڵکوو پەرەشی پێدەدا".

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کردوە کە بەپێی یاسای نێونەتەوەیی، دەوڵەتان دەبێ هەرنەبێ لایەنی نێوخۆیی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەبەرچاو بگرن و پێویستە حکوومەت نوێنەری تەواوی خەڵکی وڵات بێ. ئەمڕۆش دێموکراسی لە دونیادا رۆژبەرۆژ سەرکەوتنی تازە وەدەست دێنێ‌و هەتادێ زیاتر لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەسەپێ. بۆنموونە هەمووی ئەو مەتنە تازانەی لە لایەن ئورووپایی‌یەکانەوە لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتی‌یەکان دا پەسندکراون و پێشتر باسمان کردوون، دێموکراسی ـ کە بناخەکەی مافی مرۆڤ و حکوومەتی قانوونە ـ بە تەنیا سیستمی سیاسیی جێگای پەسند دەزانێ. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جێگیر کردنی دێموکراسی لە وڵاتان دای کردۆتە یەکێك لە بوارەکانی کاروتێکۆشانی خۆی. بۆ وێنە هەردوو سکرتێری گشتیی ئێستاو پێشووی ئەو رێکخراوە لەو باوەڕەدابوون کە یەکێك لە مەرجەکانی ئاشتی‌یەکی بەردەوام دابەزاندن و پتەوکردنی دێموکراسی‌یەو ئەوە هەروەها یەکێك لە ئەرك و مەئموورییەتەکانی هێزەکانی پارێزەری ئاشتی کە لە نوختەو گۆشەی جۆراوجۆری دونیا هەن، بووە. جگە لەوەش لەبیرمانە کە ساڵی ١٩٩٤ بە رەزایەتی ئەنجومەنی ئاسایش هێزێکی نێونەتەوەیی نادرایە

"هائیتی" هەتا سەرکۆماری هەڵبژێراوی ئەو وڵاتە کە کودیتای لـێکرابوو بگەڕێنێتەوە سەرکارو بەم جۆرە ئەو بیرە چڕۆی کرد کە حکوومـەتی وڵات دەبێ مەشرووعییەتی دێموکراتیکی هەبێ.

نیشانەکانی ڕەوتی بەجیهانی بوونی دێموکراسی یەکجار زۆرن. ئەو ڕەوتە زۆر پێش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێکردبوو بەڵام بەدرێژایی سەدەی بیستەم کێشەی نێوان جەمسەرە نێودەوڵەتی‌یەکان لەسەر چلۆنایەتیی دێموکراسی بووە. هەربۆیـە ئـەوەندە بـەس نیـە بڵێین دێموکراسی مافی کەمایەتی‌یەکانیش دابین دەکا. ئەوە ئەگەر ڕاستییشی تێدابێ کافی نیە، چونکە مەسەلە ئەوەیە نێوەرۆکی ئەو دێموکراسی‌یە چی‌یە؟ ئەگەر دێموکراسی یانی یاسای زۆرایەتی (اکثریت)، ئەوە زۆرایەتی زۆر بەچاکی دەتوانێ بەسەر کەمایەتی‌یەکان دا زاڵ بێ‌و هەر چەشـنە پێشنیارو بەرنامەیەکیان ڕەت دەکاتەوە. بۆ پێشگیری کردن لـەوە کـە پێـی دەڵێـن (اسـتبداد اکثریت)، پێویسـتە سـەرەڕای وەبـەرچاوگرتنی یەکایەتیی (وحدت) کاکڵی دێموکراسی، شێوەی وەدیهێنان و بەجێگەیاندنی هەمیشەو لە هەموو جێیەك وەك یەك نـەبێ. ئەگـەر دێموکراسـی یانی بەشداریی هەموو خەڵك لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دا، دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کە ئەو بەشداری‌یە دەبێ لەسەر چ بناغــەو (اساس)ێك و بە پێی کامە پێوانە (معیار) بێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش پێویستە لە پێکهاتەی ئینسانیی وڵاتەکـە ورد بینـەوەو هـەوڵ بدەین بزانین داخوا هۆی دابەش کردن و لێك جیاکردنەوەی دانیشـتووانی وڵات سروشـتێکی کۆمەڵایـەتیی هەیـە، سیاسـی‌یە، ئابووری‌یـە یـان فەرهەنگی. پێوانەی بەشداری کردن لە دێموکراسی‌دا پێویستە چەشنایەتیی ئەو هێزانـە بـێ کـە لـە کۆمـەڵ و لـە وڵات دا بـەرەوڕووی یـەکتر دەبنەوە.

ڕەنگە لە وڵاتێك دا هەمووی ئەو پارامێترانەی سەرەوە بەدی بکرێن و پێویست بـێ دێموکراسـی‌یەکەش ڕەنگدانەوەیـەك بـێ لـە هـەمووی ئەوانە، بەڵام لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی‌داو لە هەر جێیەك کە دیاردەی کەمایەتیی میللی بەدی بکرێ دەبێ جیاوازیی نێوان گەلانی پێکهێنـــەری وڵات بکرێتە پێوانەیەکی سەرەکی بۆ بەشداری‌یان لە دێموکراسی‌دا. لەو جۆرە وڵاتانەدا ئەگەر بناخەی ئەسڵیی دێموکراسی تـــەنیا تاکەکەسـی‌و هاووڵاتییەتی بێ، ئەو دێموکراسی‌یە ناتوانێ دێموکراسی‌یەکی ڕاستەقینەو گونجاو بێ. چونکە هەرکام لە فەردەکان بـەهۆی ئـەو هاوپێوەندی‌یـە سروشتی‌یەی لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی قەومەکەی هەیەتی، گەشەکردنی کەسایەتیی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی خۆی لـەپێش هـەموو شـتێك دا لەچوارچێوەی کۆمەڵە فەرهەنگی‌یە تایبەتی‌یەکەی خۆی‌دا دەبینێ. ئەمە جودا لەوە کە تەنیا فرەنەتەوەیی بوونی پێکهاتەی دێموکراسی دەتوانێ پێشگیری لە سەرەڕۆیی فەرهەنگی زۆرایەتی، یان هەر فەرهەنگێکی حاکم بکا. کەوابوو پێویستە قەوارەی سیاسـیی نـاوەندی‌و ناوچـەیی وڵات ئاوێنەی ئەو واقیعە فەرهەنگی‌یە هەمەرەنگی‌یە بێ کە گرنگترین جۆری مامەڵەی نێوان هێزەکانی نێو کۆمەڵگا پێك دێنێ.

ئاکامگیریی سەرجەم ئەو تێبینی‌یانەی سەرەوە بریتی‌یە لەوە کە ئەو ماف و پارێزگاری‌یانەی لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا بۆ کەمایەتی‌یەکان لە نەزەر گیراون، لەبەر ئەوە کە زۆرتر سروشتێکی فەرهەنگی و تاکەکەسی‌یان هەیە کافی نین. چونکە کێشەی کەمایەتی‌یەکان لـە نـاخ و بناخـەدا ئەگەرچی سەرچاوەی فەرهەنگیی هەیە، کێشەیەکی سیاسی‌یە. ئەوەش کە دەڵێن یاسای نێونەتەوەیی دەتوانێ ئەو بۆشـایی‌یە بـە دێموکراسـی‌و مافی مرۆڤ پڕ بکاتەوە تەواو ڕاست نیە. چونکە هەروەك دیتمان تەنیا "عدم تبعیـض" و بەرابـەری دەردی کەمایەتی‌یـەکان دەرمـان ناکـەن. بەڵکوو پێویستە هەم بۆ قەرەبوو کردنەوەی ستەم و بـەجێمان بـە چـاوێکی دیکـەوە سـەیری کەمایـەتی بکـرێ‌و بـۆ ژیاندنـەوەو پـەرەپێدانی "هویت"ەکەی کۆمەڵە ئیمتیازو ئیقداماتێکی موسبەتی بۆ لەنەزەر بگیرێ، هەم هەوڵ بدرێ کەمایەتی ـ وەك هەیە و نـەك تـەنیا لـە ڕێگـای ئەندامەکانیەوە لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و ناوچەکەی خۆی دا بەشدار بکرێ، نەخشێکی سیاسیی سەربەخۆی وەهای پێبدرێ کە بناغەکەی جیاوازی‌و تایبەتمەندێتی وی بێ.

کاریگەر و کافی نەبوونی سیستمی ئەمڕۆی پارێزگاریی نێونەتەوەیی کەمایەتی‌یەکان بەتایبەتی کەمایەتی‌یە میللی‌یـەکان ژمارەیـەکی زۆر لەمافناسەکان و هێندێ ناوەندی حوقووقیی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە کەدەبێ هەوڵ بدرێ یاسای نێونەتەوەیی لەوە دوورتر بڕوا کە ئەمڕۆ بـۆ کەمایەتی‌یەکانی دەکاو بەشێوەیەکی ڕاستەخۆترو بنچینەیی‌تر بۆ مەسەلەکە بچێ. واقیعی ڕابردوو و ئەمڕۆی کەمایەتی‌یەکان نیشـان دەدا کـە زۆر جار ئەوان نایانەوێ تەواوەتیی ئەرزیی وڵاتەکەیان بخەنە ژێر پرسیار، بەڵام لە وەزعی فێعلیشیان ڕازی نین و تەنانەت ماف و ئازادی‌یـــەکانی نێو وڵاتێکی دێمۆکراتیکیش بە وەدیهێنەری ویستەکانی خۆیان نازانن.

هەربۆیە ئەمڕۆ لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا ڕەوتێـك دەسـتی پـێکردوە کـە تێدەکۆشـێ پێویسـتی‌و مەترسیدار نـەبوونی بـەڕەسمی ناسـینی مەوجوودییەتی مەعنەویی کەمایەتی‌یەکان و مافە مەدەنی‌و سیاسی‌و تایبەتی‌یەکانیان و زەرووڕەتی دانی دەرفەتی پێکهێنانی نیهادە سیاسـی‌و ناوچەیی‌یەکان بۆ وان بە دەوڵەتان بسەلمێنێ. نێوەرۆکی پێشنیارەکانی ئەو ڕەوتە لە بەشی داهاتوودا دەخرێتە بەرچاو.